# مۆ نۆ لۆگ

کازێوە یە.
سە رینی تۆ باسکی منە،
سە ری منیش
لە سە ر با ڵی کڕێوە یە.

کازێوە یە.
پۆلێك پرسیار بە ڕێ دە کە م،
پۆلێکی تر بە ڕێوە یە.

کازێوە یە.
گا ئازیزێك،کە زیندووە،
لە ناو تابووت ڕاکشاوە و
شە ڵاڵی زە رد ە چێوە یە
گا هاوڕێیە ك، کە نێژراوە،
چاوی زە ق زە ق تێم بڕیوە و بە پێوە یە!

* * *

هە نووکانە چاو لێك دە نێم...
ئە و دە لاقە یە دادە خە م
کە ڕابردووی لێوە دیارە،
شاباڵی ئە و بازە ش دە کە م
کە لە فە زای ئایندە دا
سە ر گە رمی ڕاو و شکارە،
من تێدە گە م :
ئە وە ی ڕابرد - وە گێڕ نایێ،
ئە وە ی دادێ - هە ر مردنە...
هێندە م بە سە،
کە تۆ... ئێستا...
سە رت لە سە ر باسکی منە.

* * *

دە ڵێم، گە ر دایە حە وا
گوێڕایە ڵی خودا با،
بە ری حە رامی دیبا و
قە پاڵی لێ نە دابا...
کوا، کێ دە ڵێ، من و تۆ
لە ویش من و تۆ دە بووین؟
کێ دە ڵێ، گە میە ی بازووم
سە رتی لە سە ر پێلی شە و ڕادە ژە نی هە نووکە؟
کێ دە ڵێ، لە و بە هە شتا،
بە هە شتۆکە یە ك دە بوو،
هە ر من و تۆی تێدا بێ
وە ك ئە م لانە بچووکە؟!

١٩٩٣/١٠/٨ ـ مۆسکۆ